Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

هۆشەنگ شێخ محەمەد
2009/1/29

# بە پێوە تەماشای ژیان دەکەم و هەڵۆیانە چاوەکانم کوێر دەکات

بێتاقەت لە سەما و کڕنۆشەکانی ناو دڵم
دڵیشم بێتاقەت لە ڕێحانەکانی ناوی و هەر ڕۆژەی بە ناوێکەوە ئاوارەی دنیایەکی بەرەڵایان دەکات و پێیاندەڵێ بڕۆن و تا ئێوارەی بێزاری نەگاتەوە ئێرە، ئێوەش مەیەنەوە
دنیا لە من بێتاقەتتر شعر بۆ من دەنووسێ و دەڵێ بڕۆ عەزیزم تا شەڕابی ئەو بریـنانە کۆن نەبێت مەیەوە سەر وشە

من لە تۆ بێزار دەبم و دەڵێم هێلانەی بریـنەکانم بە جێبێڵە و تا مەرگم، مەگەڕێوە سەر پێکەنینەکانم

بێ هەنجەت جگەرەیەك دەکوژم و ئەویش دەڵێ ناتوانم نە تۆ و نە دنیا تەرك کەم
دنیاش بەدەم پیاسەیەك بۆ سەر هەتاوی چاوەکانت برژانگەکانم دەکرۆژێ و دەڵێ تا ڕۆژە بێزارەکان دەتکوژن من لە دووری تۆوە گۆرانییەك لەسەر قەبرەکەت دەسووتێنم
منیش پێیدەڵێم بێ قەبری تۆ ناگەڕێمەوە !

من لە تۆ بێزارتر بە نێو ئەوشارە کۆمیدیانەدا لە سۆزانییەك دەگەڕێم و لەسەر جەستەی دەنووسم تا ئەوسەری ڕۆح بڕۆ و تا مردنی ئەقڵیش مەگەڕێوە
ئەویش لە من بێزارتر بە سەما وەردەبێت و لەسەرم دەنووسێت: بیلەرزێنە روحی من و خۆت و ئەم پەرستگایانە بلەرزێنە
لەسەرم دەنووسێت ئەو پیاوەی ئێوە دەبینن باری گرانی ئەو کێشکە بچووکانەی پێ هەڵناگیرێت وەك ئەوان بخوور بۆ خوایەك داگیرسێنێ تا خەمی جیقنەی ئەوانی بێت

من پێمگووتی بەو باڵە خوێناوییانەم فڕینەکان دەکرمەوە و تۆش فڕینێك بە کرێ بگرە و لە من دوورکەوە و تا شەوی خوێنڕشتن نەیەیتەوە

لە سەری ساڵێکدا خۆمم بۆ خۆم کوشت و تیر لە خوێنی خۆم گۆرانیم دروست کرد

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

دنیا دەیگووت پێمخۆشە بە گۆرانی بمکوژیت، بەڵام تۆ ئەوەندە بێتاقەتیت ئیدی ناتوانی بە گۆرانییەوە بمکوژیت!
بە گۆرانییەوە گووتی: دەڕۆم تا ئێرە نەکەیتە سەماخانە و کوشتارگەی خوا و سۆزانییەکان نایەمەوە
دەڕۆم و تا نەمکەیتە مەیتگەی ئازادی بۆ لالە بەدەستانی هەقیقەت

من تاقەتی ئەو عەقڵەم نیە بۆ تۆزێك گۆرانی چەندین گوندی وشە کاول دەکات و بۆ ژووریێك سەما چەندین ئەژنۆ دەشکێنێ
من هیچم ناوێ تەنیا لە شەوێکی رەشدا تفێکی سپی بکە بە نێوچەوانمەوە و وەك فانۆس مەترسییەکانی پێ ببینم و وەك باوەشیش بەیەکەوە وەربین
برینێك بخە رووەمەتەکانمەوە و وەك رووناکی ژیانی تێدا ببینم و لێو بخەمە سەر برینەکانی و ماچیان بکەم

من هیچم ناوێ تەنیا بە دەسگیرانەکەم پێبکەنم کە خەمی رازاندنەوەی ماڵییەتی و ئاگاشی لێنیە خواکان چ یارییەك بە من و ئەو دەکەن
من هەر هێندە هێزم ئەوێ تا پێمبکرێ دەستم نەگرێ گوڵێك ئاو بدەم کە بۆنی تۆی لێ نایێ و تاقەتێکی ساختە بەبەر دین دەکا
من روحی دنیا و تۆ روحی ئاگر
من تامی زەمزەم و تۆش تامی فەلسەفە
کەچی تەماشاکە چەند لێکدەچین؟!

ئیدی برۆ تا رەنگت دەپەڕێتە سەر رەنگی ئازادی من لێرە پەرستگەکان ئاوەدان دەکەمەوە
برۆ و تا دەنگت دەچێتەوە سەر ترپەی دڵۆپە ئاوێکی شاخاوی لە کانیاوی هیچ نامووسێکدا مەخۆوە
تا دەچیتەوە سەر لاسکی هەر گیایەك لەبەردەم هیچ پەرستگەیەکدا چۆك دامەدە

بڕوامەکە شتێك کڕنۆشت بۆ ببات
تکایە بڕوا مەکە
بێتاقەتییەکان با بتبەن، تا دەگەیتە هیچ شوێنێك بتبەن و لەوێوە نەیەیتەوە........

هەر بە پێوە تەماشای ژیان دەکەم و هەڵۆیانە چاوەکانم کوێر دەکات و دەڵێت:
گەر دەتەوێ ئاسوودە بژیت خۆت تێکەڵی ئازاری سۆزانییەك بکە
گەر دەتوێت ئازادانە بژیت لەگەڵ با و تۆفان تەبا بە
گەر دەتەوێت ئازایانە بژیت گوێمەدەرە ئازارەکانی خودا و بێرەحمانە بیکوژە

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

گەر دەتوێت بژیت .. دەست هەڵگرە لە خەیاڵی شاعیرانە و بە زنجیرەکانی جەنگاوەرێکی خەیاڵی تەنیا بۆ
گەمەکردن شەڕ لەگەڵ دۆستەکانت بکە
شەڕباز بە هاوڕێ لەگەڵ نزیکترین قەترەی خوێنی هەناوت و دۆسترین ترپەی دڵی خۆشەویستت

شەڕکەر بە هاوڕێ لەگەڵ عەشق و گۆرانی و پیاسە و جوانی
هەڵۆیانە چاوی ئەو بازانە کوێر کە کە نایەڵن لە بەرزی گیانەوە هێلانە بکەیت
شەڕکەر بە هاوڕێ شەڕ کەر بە و هیچ شتێك بە تەوقی هەقیقەتەوە مەنووسێنە

شەڕ کەر بە و ئازایانە گەمە جوانەکانی منداڵی هەر بە گچکەیی بخەرە ناو دڵی دنیاوە
بڕوا مەکە ژیان لە کونی دەرزی گەمەکەیەوە نێتە ژووری و بە ئازارەکانییەوە ماچت بکات
ژیان لەوە سادەترە وەك ئاو تێکەڵی فرمێسکەکانت نەبێت و نەیانبا بۆ ئەودیوی دەریاکان
ژیان لەوە میهرەبانترە لە حوزنێکدا وەهمەکانت نەشواتەوە و پێت بڵێ
خۆشە خەریکی نووسینەوەی هەناسەکانی گیا و شەو و دار هەنارەکان بیت
خۆشە لەگەڵ شەونمدا تا بەیان باسی ڕۆژئاوای جوانی و ڕۆژهەڵاتی تەرایی بکەن
خۆشە لەگەڵ سروەویەك باسی ڕوومەتی گوڵە هێرۆکان و گەردەنی خاڵخاڵۆکەیەك بکەن
خۆشە چەند هایکۆیەك لەگەڵ بەفر بنووسییەوە لە شەوێکی ڕەشدا
خۆشە چەند چیرۆکێکی خوداکان لە شەوێکی بێ ئیماندا بگێڕییەوە بۆ داپیرەکانی باران
خۆشە لەگەڵ ئەم گەمەیەدا ژیان بکەیتە سەفەری هەناسەی کوریکە خۆخێك کە ڕازییە بە تەمەنی
کە ڕازییە بەگەورەبوون و مردنی لە باخچەیەکدا
ڕازییە بە جوانییەکانی دارێکدا و ڕازییە بە ناسینی تەنیا گەڵایەکدا

بڕۆ عەزیزم تا ئێوارەی شەڕ نەیەیتەوە ئێرە
تا قیامەتی جەنگاوەران نەگەڕییتەوە ئەم بازارە بێ شەڕە

بڕۆ هەرچی سەروەتی گەڵایە لە وەستان بیسووتێنە
هەرچی سەروەتی پاسارییە لە نیشتنەوە تەفروتونای کە
هەرچی سەروەتی گوڵە لە بۆن بەرەڵای کە
هەرچی سەروەتی منە لە جوانیدا فڕێیدە
هەرچی سەروەتی خوایە لە پیرۆزی تاڵانی کە

تاڵانمکە… تەفروتونا بە وێنەی با و هەورێکی هەلا هەلا تا ئۆخری فەنابوون .. تا ئەوسەری ژیان تف کە
هەموو حەرفەکان و وەك نائەخلاقگەراییەك پێبکەنە………..

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

ه

ۆ ش

ه ن

گ